# بیر لەگەرانەوە بۆ ماڵەوە دەکەیتەوە؟

## IOM دەتوانێ یارمەتیت بدات








## دەربارەی IOM

ڕێکخراوی پەنابەرانی جیهانی ((IOM، ئاژانسی پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 1951 دامەزراوە. IOM کاردەکات بۆ پێشخستنی میهرەبانی و ڕێکخستنی پەنابەران کە قازانجی گشتی تێدایە. لەرێگەی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان و ئامۆژگاری بۆ پەنابەران و حکومەتەکان، ئەم کارە ئەنجام دەدات.

IOM
UN MIGRATION








## پەیوەندی بە IOM بکە

دانیشتنی راوێژکاری لەگەڵ **IOM**
بەخۆراییە و هیچ زۆرە ملێیەکی تێدا نییە.

ئەگەر دەتەوێ قسە لەسە هەڵبژاردنەکانت بکەیت، تکایە
چاوپێکەوتنێک لەگەڵ راوێژکاری IOM
دابنێ لەرێگەی


پەیوەندیکردن بە +386 (0)1 434 73 51 یان

لەرێگەی ئیمەیڵ بۆ **iomljubljana@iom.int**

ناونیشان: Dunajska c. 5, Ljubljana
ماڵپەر: www.slovenia.iom.int
کاتژمێرەکانی کارکردن: 9:00 – 17:00


REPUBLIC OF SLOVENIA
**MINISTRY OF THE INTERIOR**

Co-funded by the Asylum, Migration and Integration Fund


ئەم پرۆگرامە بە هاوبەشی لەلایەن رێکخراوی پەنابەران، کۆچبەران و هاوکاری یەکخستنی یەکێتی ئەوروپا و وەزارەتی ناوخۆی سلۆڤینیا، پارەدار دەکرێت.

## چ کاتێکدا IOM دەتوانێ هاوکاریت بکات؟

**دەکرێت IOM هاوکاریت بکات ئەگەر:**

- **ئەگەر خەڵکی وڵاتێکی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا بیت،**
- **مەرجەکانی مانەوە (زیاتر نا) و چونە نێو خاکی سلۆڤینیا جێبەجێدەکەیت، لەوانەش ئەگەر لە بارێکدا داواکاریەکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی رەتکرایەوە،**
- **لەوانەیە بتەوێ بگەڕێیتەوە وەڵاتەکەت، هەروەها**
- **ناتوانی پارەی گەرانەوەت بۆ وڵاتەکەت بدەیت.**

**بۆ ئەوەی بزانی ئاخۆ یارمەتیەکان دەتگرێتەوە، تکایە پەیوەندی بە نوسینگەی IOM بکە لە Ljubljana.**

## چۆن داواکاری پێشکەش بکەم بۆ یارمەتی گەرانەوەی خۆبەخشانەوە و پرۆگرامی دووبارە تێکەڵبوونەوە؟

- **پەیوەندی بە IOM بکە بۆ رێکخستنی دانیشتنی راوێژکاری؛**
- **ئەو فۆرمەی داواکاری کە لە راوێژکاری IOM وەریدەگریت، پڕبکەوە؛**
- IOM داواکاریەکەت تێدەپەرێنێط و تەماشا دەکات ئاخۆ پرۆگرامەکە دەتگرێتەوە؛

## ئایا پرۆگرامەکە چیت پێشکەش دەکات؟

IOM هەڵبژاردەی گەرانەوەی میهرەبانی، سەلامەت و شکۆمەندانە پێشکەش دەکات. گەرانەوە لەرێگەی IOM پێکدێت لە لەم خزمەتگوزاری و سودانەی لای خوارەوە:

- IOM **ئاگادارت دەکاتەوە دەربارەی دۆخی وڵاتە رەسەنەکەی خۆت، لەوانەش ئەگەری دووبارە تێکەڵبوونەوە، تاوەکو گەرانەوەکەت لەسەر بنەمای بریاری ژیرانەبێت**
- دووابەدوای ئەوە، IOM گەشتەکەت بۆ رێکدەخات کە دەتوانرێت یەکێک یان زیاتر لەمانەی خوارەوە لەخۆ بگرێت:
  - پەیوەندی دەکات بە خزمەتگوزاری باڵیۆزخانە/قونسوڵخانە بۆ رێکخستنی بەڵگەنامەکانی گەشتکردن؛
  - **گەشتەکەت** لە سلۆڤینیاوە تاوەکو دووایین شوێنی گەشتەکەت **رێکخدەخات** و تێچوونی گەشتەکەت لە ئەستۆ دەگرێت.
  - دابینکردنی **یارمەتی لە فرۆکەخانە لەکاتی دەرچوون، لەکاتی ترانست و لەکاتی گەیشتن؛**
  - **رێکخستنی یارمەتی تایبەت** بۆ ئەو کەسانەی کە خاوەنی پێداویستی تایبەتن وەکو پاراستنی تەندرووستی، ئەگەر پێویست بوو.
- لەتەواوی ئەم پرۆسەیە، دەتوانی بۆچوونت لەهەر قۆناغێکدا بێت بگۆریت؛
- هەروەها، لەوانەیە IOM بتوانێ یارمەتیت بدات تاوەکو لەکاتی گەرانەوەت نیشتەجێبیت و دەست بە ژیانێکی نوێ بکەیت لە وڵاتەکەت لەرێگەی **یارمەتی دووبارە تێکەڵبوونەوە** بە کۆمەڵگە. ئەگەر شایستە بووی، لەوانەیە بتوانی سودمەندبیت لە یارمەتی هاوشێوەی دووبارە تێکەڵبوونەوە بە کۆمەڵگە بۆ پەرەپێدانی کار و پەروەردە و هاوکاری تەندرووستی و نیشتەجێبوون.





